# ئیمزانامەی چوار حیزبی معاش خۆر

سیروان ئەمین
sirwanlatif@hotmail.com

یەكێتي نیشتمانی كوردستان و دەسەڵاتەكەی لە سلیمانی وەک هەر دەسەڵاتێكی سەركوتگەری قەومی پەنا بۆ هەرشێوازیک دەبات بۆ لەناو بردن و نابوتكردنی موخالیفین و بەرهەڵستكارانی خۆی ، ئەوەتا 7.9.خرۆشانی خەڵكی شاری كەلار گولە باران دەكا كە بۆ بەدەست هێنانی سەرەتایترین پێداویستیەكانی ژیان هاتنە سەر جادەكان و،9.9 یش لە گەڵ كۆمەڵێک حیزبی دەستەمۆی خۆی خرۆشانەكەی خەڵكی كەلاریان بە گێرە شێوێن لەقەلەم دا. بۆ یەكیتی نیستمانی ئەم شیوازە كۆنەو كەس سەری سوڕنامێنێ چونكە بەدرێژای مێژوی ئەم رەوتە خەریكی سەركوتكردن بووە، هەمووبیرمانە لە شاخ چۆن هەڵس و كەوتی لەگەڵ موخالفینی خۆی دەكرد، سەرەڕای كوشتن و لەناوبردنی فیزیكی درۆو بوختان و دیعایەی ئەخلاقی بۆ هەلدەبەستن و دەیوەست لە ناو خەڵكدا ریسوایان بكات. ئێستاش كە یەكێتی لە شارە ئەم شێوازەی خراپتر بەدەستەوە گرتووە بەرانبەر خەڵک، دەمێک خۆپێشاندان وخرۆشانەكانیان دەداتە بەر دەسترێژی گولە هەروەک لە سلێمانی و كەلاركردیان و دەمیک وەک لاسای كردنەوەی حكومەتی بەعس هەنگاوەكانی خەڵک و خۆپێشاندانكەیان بە ئاژاوەگێڕی ناوزەد دەكا. بەڵام خۆش ئەوەیە ئەم جارە بۆ بردنەپێشەوەی تەبلیغاتە ژاراویەكانی لە ڕێگای چەند حیزبی معاش خۆرەوەدەستی داوەتێ كە یەكێتی خۆێشی و لەدەم كەسی دووەمی یەكێتی یەوە * ئەمانە بە حیزبۆكە دەزانێ و پێ ی حەیفە یەكێتی پارەوپولی خۆی بۆ ئەمانە سەرف بكات.

هەڵبەتە لەڕوداوێكی وەک ئەمەی كالاردا دەبێ هەموو لایەنێكی سیاسی هەڵوێستی خۆی بنوێنێ بە باش وخراپ ئەم حیزبانەش وەک ئیسلامی وزەحمەتكێشان و شیوعی و حسک كە ئەگەر یەكێتی وپارتی معاشەكانیان بپرن ئەوە یەک كەس بەدەوریانەوە نامێنێ و بنكەو بارەگاكانیان چۆڵ دەبێ ودەچنەوە ماڵەكانیان بۆیە خۆشیان بێ و ترشیان بێ یەكێتی هەر بەیانەمەیەک یا مسوەدەیەک بنوسێ ئەوان بێ سێ ودوو یەكسەر ئیمزای دەكەن، یانی بەزمەكە لەوەدایە نە یەكێتی ئەم حیزبانەی خۆش دەوێ و نە خەڵكیش ئەوەش سوپای عێراقم بیر دێنێتەوە كە هەمیشە ئەفسەرەكان وەک چەوسێنەر و سەربازەكان وەک چەوساوە دەهاتنە پێش چاو لەو نێوەدا (نائب ضابط) ە كان وەزعیان زۆر خراپ بوو سەرەڕای قسەبردن و مەرایی بۆ ئەفسەرەكان بەڵام ئەفسەرەكان زۆریان ڕق لێ بوون ئەوە سەربازەكانیش هەر باس مەكە، ئەم وەزعەش هەرواەدێتەبەرچاوم. تەنها لەم ساڵدا بە پێ ی قسەی سێ لەو حیزبانە كە بەیاننامەكەیان بە دژی خەڵكی كەلار ئیمزا كردوە یەكێتی لە گەڵ هەمویان هەولی ئەوەی داوە كە هەڵیان وەشێنێتەوە و هەندێكیشیان سەری گرتوە وەک ئەوەی زەحمەتكێشان وگەرمیانی حیزبی شیوعی كەهەر بەرداومیشە واتە یەكێتی خۆشی ناوێن و خەڵكیش خۆشی ناوێن. ئەوەش یەكەم جار نیە ئەم حیزبانە لە 98 كە شاپور عبدولقادر و قابیل

عادل بە دەستی ئیسلامیەکان تیرۆر کرا ئەو بە شەکەی هەولێری هەر ئەم حیزبانە لە بری ئەوەی بە دژی تیرۆر قسەیەک بڵین پیکەوە بەیاننامیەکی پارتیان ئیمزا کرد کە دەبی ڕیز لە موقەداستی خەڵک بگیردرێ کە ڕاستەو خۆ چووە گیرفانی پارتی و ئیسلامیەکانەوە. من لە کۆتاییدا تەنها یەک قسەم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە تائێستا لە ڕیزی ئەو حیزبانە ماونەتەوەو پێیان وایە دەتوانن بۆ خەڵک کارێ بکەن با هەر لە ئێستاوە ڕیزی ئەو حیزبانە بەجێ بهێلن و نەکەونە بەرەی دەسەڵات و یەکێتیەوە لەبەرانبەر خەڵک دا و باشتر وایەڕێگایەکی تر هەڵبژێرن بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانیان.

2005/09/14

---------------------------------------------------------------------

*دوای هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ئەمساڵ نەوشێروان بەزنژیرەیەک باس بە یەکێتی ووت کە خۆ بەو حیزبۆکانەوە مەشغول نەکات و ووتی ئەو حیزبانە هیچ دەنگیان نەهێناوە